# شیعریەتی پارادۆکس
# بە نموونە لە شیعرەکانی
# (شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەتدا)

**د. پەروین عەبدوڵا خدر**
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
Barween.khudhur@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (شیعریەتی پارادۆکس : لە نموونە شیعرەکانی شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەتدا) دایە. هەوڵ دەدەین شیعریەتی پارادۆکس لای هەردوو شاعیر بخەینەڕوو .

چەمکی شیعرییەت و پارادۆکس لە ناو گوتاری ڕەخنەی نوێی ئەدەبی هاوچەرخدا شوێنی گرنگی و تێڕامانە، بەپێی بیروڕاکانی هەندێ لە ڕەخنەگران و شارەزایان لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییدا شیعرییەت زیاتر پەیوەندی بە شارەزایی بە کارهێنانی زمانە لای شاعیر، زمانی شیعری یەکێکە لەو چەمکانەی، کە پەیوەستە بە هێمای نامۆناوێز لە دەقی شیعریدا، شاعیر زمانی سادە بەلاوە دەنێت زمانێک تایبەت بەخودی خۆی بنیاد دەنێت تایبەتمەندی خودی شاعیر و شێوازی نووسینی شاعیر بە دەقەکانیانەوە دیار دەبێت. لێرەدا گرنگی دەق لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، شاعیر تا چەند توانای هزر و دەسەڵاتی خۆی نیشانی خوێنەری دەدات، تاچەند دەتوانێت لەڕێگای دەقەکانییەوە خوێنەر بەدوایی واتاییی دەق کێش بکات بەدوای پارادۆکس و دژەواتاکان بگەڕێت و کۆدەکان بشکێنێن وپەی بە نەهێنەکانی شاعیر ببەن . ڕۆڵی خوێنەر لە ڕۆڵی شاعیر کەمتر نییە لە بنیاتنانی دەقی شیعریدا، خوێنەری بە توانا و خاوەن پاشخانی ئەدەبی ڕۆڵی لە بنیاتنانی دەقی زیندوودا هەیە . لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین شیعرییەتی پارادۆکس لەلای هەردوو شاعیری ناوبراو بخەینەڕوو .

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (شیکاری – وەسفی) مان بەجێگەیاندووە، لەگەڵ ئەمەشدا تاڕادەیێک ڕیبازی شیکارییەکی پێوەریمان پەیڕەو کردووە، تا چ ڕادەیەک هەردوو شاعیر پارادۆکسی لە بەرهەمەکانییاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەتێڕوانینی دەقەکانی هەر دوو شاعیر، کە لەیەک سەردەم ژیاون، یەک نەتەوەیی، کلتوری، ئایین و زمانیان هەیە . شیعرییەتی پارادۆکس لەدەقەکانیان دەخەینەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان :** شیعرییەت، پارادۆکس، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، دژەواتا.

**پێشەکی :**

هەر گۆڕانکارییەک لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دی ژیان ڕوودەدات، کاریگەری لەسەر ئەدەب دروست دەکات، ئەم گۆڕانکارییە زیاتر و زووتر شیعر دەگرێتەوە . گۆڕانکارییەکان بە گشتی ناوەڕۆک و فۆرم دەگرێتەوە، لە نێو ئەم دوو شاعیرەدا گۆڕانکارییەکان تەکنیکی دەقەکانیانی گرتۆتەوە . تیمەی ئەم دەقانە بەستنەوەی وێنەی شیعرییە، ئایا پارادۆکس لەناو دەقی ئەدەبییدا بە سانایی درکی پێدەکرێت؟ ئایا ئەو پەیوەندییەی لەنێوان شاعیر و زماندایە، بۆ چ دۆخێک دەگەڕێتەوە؟ ئایا شیعرییەت تاچ ڕادەیەک چێژ وجوانی بەدەق دەبەخشێت؟ لەم لێکۆلینەوەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە و دەگەینە چەندان ئەنجام .

**- گرفتی توێژینەوەکە :**

شیعرچۆن و چەند هاوشانی گۆڕانکارییەکان بووە و تا چ ڕادەیەک توانیوێتی ڕێچکەی خۆی بگۆڕێت کە لەئاستی قۆناغی خۆیدا بێت؟ هەر شیعرییەتی پارادۆکس خۆی خزاندە نێو ڕەخنەو گوتاری ئەدەبی کێشەیەکیش دەهێنێتە نێو ڕەخنەیەوە،ئەویش بابەتی دیاریکردنی شیعرییەتی پارادۆکسە. ئایا ئەم لەناو دەقی ئەدەبی کوردیدا شوێنی بوویتەوە ؟. گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە دەبینێتەوە.

**- سنووری و کەرەستەی توێژینەوەکە :**

سنووری ئەم توێژینەوە لەڕووی بابەت و مێژووەوە، کار لەسەر بەرهەمی دوو شاعیر دەکات. ئەویش لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەسە.

**- بایەخی توێژینەوەکە :**

ئەوەی زیاتر بایەخی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات، ئەوەیە کەوا ئەم توێژینەوەیە لەڕوانینێکی زانستییانەوە شیعرییەتی پارادۆکس دەخاتە ڕوو .

**- هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :**

- لەبابەتی شیعرییەت لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، هەروەها بابەتی پارادۆکسیش بەهەمان شێوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعریەتی پارادۆکس ئەنجام نەدراوە .

بایەخێکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵیداوە ئەم بابەتە لای دوو شاعیری هەمان سەردەم بخاتەڕوو .

**- ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لەچەند خاڵێکدا کۆدەکرێتەوە .

١- خستنەڕووی شیعرییەتی پارادۆکس لەناو دەقی شیعرییدا .

٢- دەستنیشانکردنی لایەنی لێکچواندنی یان جیاوازی لای ئەم دوو شاعیرەی کە ناومان هێناون .

**- ڕێبازی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بەڕێبازی (مێژوویی و شیکاری) بەستووە، لەهەندێ شوێندا پەنامان بۆ ڕێباری شیکاری پێوەری بردووە .

**(١-١) چەمکی شیعرییەت :**

زاراوەی شیعرییەت یەکێکە لەو زاراوانەی لە گوتاری ڕەخنەی هاوچەرخدا بەرچاو دەکەوێت. بۆ دۆزینەوەی شیعرییەتی دەقی شیعری زیاتر جەخت لەسەر زمان دەکرێتەوە، کە وەک بنەمایەکی سەرەکی شیعرییەت سەیر دەکرێت ((شیعرییەت بە دەوری ئەرکدا چەق دەبەستێت یان ئەو ئەدایە کە وا لە کارێکی زمان دەکات ببێتە شیعریان پەخشان)) (ئیدریس،٢٠١٣، ٢٠) . جان کۆهین شیعرییەتی چڕ کردووەتەوە لە شیعردا و دەڵێت ((شعرییەت زانستێکە بە ژانری شیعرەوە پەیوەستە)) (کۆهین، ٩،١٩٨٦) . بەم پێیە شیعر و زمان پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە . زمان هۆکاری گەیاندنە، ئەوەی مرۆڤ و گیانەوەر لە یەکتری جیا دەکاتەوە زمانە لە هەمانکاتدا زمان پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان بەهێز دەکات، بە ڕێگای ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شاعیر ئەوەی مەبەستیەتی بۆ خوێنەر دەیپێکێت . زمانی شیعری ئەو زمانەیە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە بە دوور بێت ((زمان ڕێگایەکە ئەوە بە مرۆڤ دەدات، کە لە واقیع ڕابکات هەست و ئارەزووی خۆی لە قاڵبێکدا دابڕێژێت و زمانێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات لە یاسا و دەستووری زمان لابدات)) (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٣٦). زمانی نووسینی شاعیر شێوازی نووسین وتایبەتمەندی شاعیر دیار دەکات، لە شاعیری تر جیای دەکاتەوە .

زمانی شیعری زمانێکی دروست کراوە بکەری شیعری بنیادی دەنێت ((زمانی ئاسایی ناتوانێت هەموو جۆرە دەربڕینێکی دەربخات، بەم پێیە زمان لە ژانری شیعردا زمانێکی دروست کراوە)) (عیاد، ١٩٨٨، ٧٢) . زمان بەتایبەتی لەدەقی شیعرییدا ((زمانیش تایبەتییە و لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەوە لە لایەن شاعیرەوە دروست دەبێت بۆ گەیاندنی واتاییەکی نوێ جیا لە واتا ئاسایی بڵاوکراوەی ناو خەڵک)) (سابیر، ٢٠٠٦، ٢٨٣) .یەکێک لە تایبەتمەندی زمان لە شیعردا بە کارهێنانی زمانێکی تایبەتە بە خودی شاعیرەوەیە .

پەیی بردن بە نهێنییەکانی واتایی شیعریی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی

زمـانی شـیعری شـاعیر، شـاعیر ئەو توانـایەی کە هەیێتـی لە خسـتنەڕووی جیهـانی شـیعری خۆی دەخـاتە ڕوو . شـیعرییەت جـوانی بە دەقـی ئەدەبـی دەبەخشـێت ((وەکـو دەمارێـک بە نێوانیانـدا تێـدەپەڕێت و دەق لە جـوانیکی سروشـتی و ئاسـایی خـۆیەوە بـۆ دەقێکـی داهێنـراوی دەسـتی نووسـەر دەچێت))(خۆشناو،٢٠١٠، ٢٨) . دەقی داهێنراو، توانایی هزری و جیهان بینینی نووسەر و دەسەڵاتی نووسەر دیاری دەکات .

**(١-٢) چەمک و زاراوەی پارادۆکس :**

چەمکی پارادۆکس لە ناو ڕەخنەی ئەدەبیدا، وەکو هونەرێکی سـەربەخۆ باسی لێوە نەکراوە، بەڵکو لەپاڵ هـونەری ڕەوانبێژی بە تـایبەتی لە هـونەری جوانکـاری واتـاییی باسـکراوە و بەکـارهێنراوە، کە تێدا بـاس لە دژواتـاییی دەکرێـت . لە ڕوانـگەی زاراوەیەوە لە ئەدەبـی کوردیـدا زیـاتر بە هـونەری دژەیەک ناسـراوە، بەڵام نـاتوانین پـارادۆکس لەبـری هـونەری دژەیەک بەکاریبهێنین .

زاراوەی پارادۆکس لەدوو وشـەی سـەرەکی ( dox= para = against , opinion) (vasiliu ,1994, 8)پێکهاتووە . لە سـەرەتادا لای گریکەکـان سـەرهەڵداوە.

زاراوەی (((eironia شی بۆ بەکاردێت . لەزمـانی یۆنـانی وەرگیـراوە، کە کـارەکتەرێکی بەزمەسـاتی کـۆنی یۆنانییەکـان بـووە ناسـراوە بە (eiron)، کەساییەتێکی بێ هێزو لاواز هەبوو ئەم زاراوەیەش لە نـاوی ئەم کارەکتەرە هـاتووە)) (وهـبە، مهنـدس،١٩٨٤، ١٩٨)، پاشـان ئەم زاراوەیە بـۆ وڵاتـانی تـر پەڕیتەوە .

زاراوەی پارادۆکس (Irony) ((یاریکردنە بە زمان لەنێو دوو بیرۆکە یـان دوو لایەنـی جیـاوازدا، کە خـوێنەر دەسـتێکی بـاڵای هەیە لە دۆزیـنەوە و بنیـادی پارادۆکسـەکە،بە نەرێ کردنـی واتـا ڕووکەشـە، کە بۆ ئەوەی بە واتـا شاراوەکە بگات)) (سعدیە، ٢٠٠٩، ٥٦) .

لە فەرهەنگی لارۆسدا پارادۆکس ((بۆ بۆچوونی بیر و باوەڕی پێچەوانە بەکـارهێنراوە. زۆر جـار بـۆ واتـاییی گاڵتەجـاریش بە کارهـاتووە، یـان وەک

پـــێچەوانە (Opposition)، دۆخـــی کۆمیـــدی (Funysitustion)، ڕووداو (accident)، جیـــاوازی (difference)، بـــاوەڕ پێنەکـــراو(Incredible) بەکارهێنراوە)) ( vasiliu ,1994, 8 ) .

لە قورئانی پیرۆزیشدا ((قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا)) (سورة الكهف، ٧٨ ) لە زمانی عەرەبیدا ((زاراوەی المفارقة بە کار هاتووە کە (فارق) ڕەگی (فرق) لە چاوگی (فرق) واتا جیاوازی و جیاکاری لە نێوان دوو شتدا. لە فەرهەنگی معجم الوسیط دا (فرق)لە نێوان دوو شتدا یەکێک لەوەی تردا جیایی دەکاتەوە، یان (فرق) لە نێوان چەند کەسانێک دەدۆزیتەوە)) (الفراهیدی، ٢٠٠٣، ٣١٧) .

لە ئەدەبی عەرەبیدا ((زاراوەی المفارقة، السخرية يان التهكم بە کار دێت)) (البعليبك، ١٩٩٩، ٢١٤). دەتوانین بڵێین هەموو ئایرۆنێک پارادۆکسی تێدایە. ئەمەش بەخاڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئایرۆنی و پارادۆکس دابنێین، بەڵام ناتوانین لە پارادۆکس ئایرۆنی بدۆزینەوە،هەروەها بۆ (sarcasm) هەمان شتە .

لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی کۆندا بۆ((زاراوەی المفارقە زاراوەی التهكم، التوريـــة، الطبـــاق ... بە کارهـــاتووە، بەڵام زاراوەی المفـــارقە بـــابەتێکی سەردەمیانەیە لە سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبی نوێدا ئەم زاراوە هـــاتە ئـــاراوە، لە هەنـــدێ لە ســـەرچاوە عەرەبییەکانـــدا بـــۆ زاراوەی المفارقە ئایرۆنییان بە کارهێناوە، بۆ (التناقض الظاهری)ش بە کار هێنراوە)) (قاسم، ١٩٨٤، ١٤٤).

لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا پارادۆکس بە کار هاتووە و زاراوەکانی ئایرۆنی پارادۆکس لە یەکتری جیا کرانەتەوە لە شوێنی خۆیان بەکارهێنراون. لە ئەدەبی عەرەبیشدا لەبەر ئەوە ئەم زاراوەیە وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی دووەم هەر ڕەخنەگرێک زاراوەیەکی بۆ بە کارهێناوە. لە ئەدەبی کوردیشدا چەندان زاراوەی بۆ بە کارهێنراوە، لە ئەدەبی کۆندا زاراوەی دژەکیان بۆ بەرچاو دەکەوێت، پارادۆکس دژیەک نییە، بەڵام ڕێگا خۆشکەرێکە بۆ ئەوەی هونەری پارادۆکس دروست ببێت .

دکتۆر ئیدریس عەبدولا لە پێناسەی دژەکدا دەڵێت ((دژیەک لە عەرەبیدا الطباق پێ دەڵێن بریتییە لە بوونی دوو وشەی واتا دژ و پێچەوانەی یەک بە وێنەی تاڵ و شیرین))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٣، ٧٩). دکتۆر ئیدریس بە دوور و درێژی باسی دژەکی کردووە جۆرەکانی دیار کردووە لە شیعر و پەخشاندا، بەڵام ناوی پارادۆکسی نەهێناوە. پارادۆکس ((دژیەک یان ناتەبایی لە نێوان رووکەش و راستی دەکات، بەڵام دەق کاریگەرتر دەبێ کاتێک دژیەک بەهێزدەبێت)) (غنیم، ١٩٩٨، ٢٨٣). شاخەوان فەرهاد لەجۆرەکانی لادانی واتاییدا باس لەپارادۆکس دەکات لادانی واتایی دابەش دەکات بۆ دووبەش:

١- هەڵئاوسانی واتایی، زیادە گوتن .

٢- پارادۆکس، دژ واتایی (محەمەد، ٢٠٢٣، ٧٠-٧١) .

پارادۆکس بەشێکە لە دژیەکی واتایی هەروەک لەم پێناسەدا هاتووە ((دژیەک دوو واژەی دژ بە یەک لە واتادا کۆدەکاتەوە)) (سلوم، ٢٠٠٤، ٢٣٥). لەم توێژینەوەیەدا ئێمەش زاراوەی پارادۆکس بەکار دەهێنیت.

بۆ ناساندنی چەمکی پارادۆکس لەرەخنەی گوتاری ئەدەبییدا چەندان پێناسەی جیا جیای لەلایەن رەخنەگرانەوە بۆ کراوە. لە روانگەی فەلسەفیدا ((وشەیەکە پێچەوانەی بیروبۆ چوونی باوە، بابەتێکە لەسەر بنەمای رەچاوکردنی بۆچوونی شاراوەدا بنیات دەنرێت)) (وهبە، ١٩٧٤، ٣٧٦) . بنەمای بنیادنانی پارادۆکس هەبوونی دوو بۆچوونە ئەم بۆچوونەش مەرجدارکراوە بە هەبوونی بۆچوونی پێچەوانە، بۆچۆنی دووەم بۆ چوونی یەکەم رەت دەکاتەوە .

دی سی میوک دەڵێت : ((پارادۆکس هونەری وتنە بەبێ ئەوەی راستییەکەی بڵێیت)) (میوک، ١٩٩٣، ٥٢) . راستی نەوتن هونەرێکە لە هونەرەکانی هێما و تەم و مژیدا بۆ ئەوەی شاعیر راستەوخۆ واتایی دەقەکە بە دەستەوە نەدات پەنا بۆ هونەری ناراستەوخۆ دەبات .

ئالان روویی دەڵێت: ((پارادۆکس گومان بۆ دڵەراوکێ دەگۆرێت، ئەم دڵەراوکێیە پێویستییەکی نووسینە بۆ ئەوەی پەنا بۆ هێما ببرێت)) (سلیمان،

١٩٩٩، ١٧) . شـــلیگیڵ دەڵێـــت : ((پـــارادۆکس شـــێوەیەکە لە شـــێوەکانی دژواتـــاییی)) (س پ). مەرجـی بـوونی واتـاییی دژ لە پارادۆکسـدا ئەوەیە پـارادۆکس لە هونەرەکـانی تـردا جیـا بکـرێتەوە. ((پـارادۆکس شـێوازی دژواتاییییە بۆ دەربڕینی ئاڵۆزی ژیان بە کار دەهێنرێت)) (گرین : دیگران، ١٨٣٨، ٣١٤) . پارادۆکس ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیادنانی شیعردا ئەمەش بە جیهان بینی شاعیرەوە پەیوەستدارە .

شاعیر کاتێک نائومێد دەبێت بەرامبەر بەو دۆخەی کە تێدا گوزەردەکات، ڕەشبینی و نائومێدی لە بەرهەمەکان ڕەنگدەداتەوە. بۆ گەیشتن بەواتاکان، خوێنەر واتاکان دادەتاشێت لە چەندان واتاییی جیاواز دا ((ئەم گوزارشتە لە ڕوخساردا جیاوازە، بەڵام پاش تێڕامان دەر دەکەوێت کە لە ڕاستیدا نائومێد بـووە)) (الرواشـدە، ١٩٩٩، ١٣) . نائومێـدی و ئازارەکـانی ژیـان کـاریگەری لەسەر بۆچوونی نووسەر بەرامبەر ژیان زیاد دەکات، کردەوەکانی دەگۆڕێت ئەو کاتە دەکەوێتە ململانێیەک تاکو بتوانێت ئەوەی لە ناخییتی بە شێوازێکی لابەلاو شـاراوە بخـاتە ڕوو((کاتێـک ئازارەکـان لە هەڵکشـاندا بێـت ئەو کـاتە شاعیر پەنا بۆ هونەری پارادۆکس دەبات واتە ململانێ دوو فاقی لە نێوان ڕووداوەکان ڕوو دەدات)) (جاب الله،د.س، ٣) .

میـوک ئامـاژە بە ڕۆڵـی خـوێنەر دەکـات بـۆ بنیاتنـانی پـارادۆکس ((پارادۆکس کاریگەری لە سـەر خـوێنەر دروسـت دەکـات، بە تـایبەتی ئەگەر ڕەگەزی کۆمێدی یان ڕەگەزی ئازاربەخشی تێدا کۆ ببێتەوە)) (میوک، ١٩٩٣، ٥٢) . لە دەقـی پارادۆکسـیدا خـوێنەر هێـزی سـێیەمە ئاشـکراکردنی واتـاییی دەق لە ئەستۆی دەبێت . ((لەو ڕادەی بینین کو خاندڤان ل دەسـتپێکی توشـی جـۆرە بەرز بوونەکـا واتـاییی دبیـت، ب ڤەکرنـا ڕێگـا سـەرەکییا وێ کـوژی لێکدانەڤە یـا هەردوو جەمسـەرێک دژ ئـێکە، ب پێشـگەرمی خـۆە دەگەهێـنە واتاییا سەرەکییا دەقی، لەوڕا دێ شین بێژین کو د (پارادۆکس) یدا هیچ جۆرە سنورەک بو ڕستا پارادۆکسی ناهێننە دانان، چونکی واتـا ژ چەمکی ڕوخسـاری بەرەڤ چەمکـی نـاڤەکی دەچێـت و ل دویفـی لێـک دانەڤەیە خاندەڤانێ هزرا سەرەکی ئاشکرا دەبێت))(ئەبدورەحمان، ٢٠٠٨،٢٠) .

هۆکار و پاڵنەرە دەرەکییەکان کاریگەریان بە سەر شاعیرەوە هەیە. لە زۆربەی کاتدا شاعیر پشت بەو پاڵنەرانە دەبەستێت. پارا دۆکس ((هونەرێکی چێژ بەخشە نەهێنی چێژ بەخشیەکەی لەگەڵ لۆژیک و دابوو نەریت پێچەوانەن ئەمەش بەو واتاییە دێت،کە دوو چەمکی دژ بەیەکن لە یەک بابەت کۆدەکرێنەوە)) (دیانتی، ٢،١٣٨١) . چەمکە دژ بەیەکەکان دژواتایی لابەلا نین، بەڵکو هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا هەیە . وشیاری شاعیر ڕۆڵی هەیە لە بنیادنانی پارادۆکس کە بە سانایی خۆی نەدات بە دەستەوە لە هەمانکاتدا پێویستیمان بە ڕۆڵی خوێنەرش هەیە، کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دۆزینەوەی واتاکان کەشاعیر پەنهانی کردووە .

پارادۆکس جوانی بەدەق دەبەخشێت ((هەروەسا ژ هەژییە بێژین، کو(پارادۆکس) جورە جوانییەکێ ددەتە دەقێن هۆزان و پەخشانان، بەلی یا ژ هەمیان گرنگتر ئەو کاریگەرییە ئەوا کو دکەڤتە سەرخاندەڤانی، چونکی بهایێ وان دەقان د واتاو کاریگەریاوان دا کوم دبییتەڤە)) (ئەبدورەحمان، ٢٠٠٨، ١٩) .

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقە بە ناخی واتایی دەقەکە ڕوو دەچێت تاکو واتایی سەرەکی و تیمەی سەرەکی دەقەکە پەی پێ ببات، ڕەنگە پەی بە نهێنییەکانی دەق نەبات، لەوانە تەنیا نزیک بێتەوە لە واتایی دەقەکە،چونکە خوێنەری جیاوازمان هەیە کەواتە لێکدانەوەی جیاوازیشمان دەبێت . ئەوەی گرنگە ئاستی هزر و بیری خوێنەر، کە چۆن لە واتایی دەق نزیک دەبێتەوە . ((بوونی دوو ئاستی جیاواز لە یەک دەربڕیندا ئاستی ڕووکەش و ئاستی شاراوە خوێنەر جەخت لەسە دۆزینەوەی واتاکان دەکات)) (ابراهیم، ١٩٨٧، ١٣٣) . ناتوانین درک بە پارادۆکس نەکەین هەتا درک بە دژایەتی نێوان دوو بیرۆکە نەکەین کە پێچەوانەی یەکتر نەبن، ڕەنگە ئەم دژو پێچەوانەیە لە دوو ئاستی جیاوازدا واتایی خۆی بە دەستەوە بدات . پارادۆکس ((وێنەیەکە لە دوو ڕووی ڕۆنانێکە لە ڕووی چەمکەوە یەکتر ڕەت دەکەنەوە بەم شێوەیە لە شیعردا دوو دەستەواژە یاخود دوو دەربڕین دەهێندرێت کە هەر یەک کێکیان ئەوی تر ڕەت دەکاتەوە)) (عەبدوللا، ٢٠٠٧، ١٢١) .

**(١– ٣) تایبەتمەندیەکانی پارادۆکس :**

هەر هونەرەی کۆمەڵی تایبەتمەندی و ڕەگەزی تایبەت بەخودی خۆی هەیە، لەم لێکوڵینەوەیەدا ئەنجامی خستنەڕووی چەندان بیروڕا توانیمان هەندێ لەتایبەتمەندییەکانی پارادۆکس دیار بکەین .

یەکەم: پارادۆکس لە یەک دەربڕیندا دوو ئاستی مانایی هەیە ئاستی ڕووکەشی ئاخاوتن، ئاستی شاراوە وەک ئەوەی کە نەدرکاوە خوێنەر بە دوای واتاکەیدا دەگەڕێت.

دووەم: خوێنەر لە ڕێگای دژایەتی نەبێت ناتوانێت بە واتایی شاراوەی پارادۆکسەکە بگات.

سێیەم: پارادۆکس هەندێ جار پەیوەست دەبێت بە بێ تاوانی یاخود نمایشکردن، لەوکاتەدا ڕەنگە بگاتە ئاستی ساویلکەیی و سادەیی.

چوارەم : لەپارادۆکسدا زۆرجار قوربانیدان هەیە. لەوانەیە نووسەر یان خوێنەر ببێتە قوربانی لەو کاتەی خۆێنەر ناتوانێ کۆدەکان بشکێنێت و پەی بەنهێنییەکانی نووسەر ببات. ئەوا خوێنەر هیچی بەئەنجام نەگەیاند، کاتێک نووسەر خۆی پارادۆکسەکەی ئاشکرا کرد، شاعیر دەبێتە قوربانی خوێنەر.

بەکارهێنانی هەر هونەرێک لای شاعیر مەبەستی خۆی هەیە. بەم ڕێگایە دەتوانی مەبەستەکانی پارادۆکس دیار بکەین هەموویان لە ناو چوار مەبەست کۆیان بکەینەوە :

یەکەم: لەناو دەقی ئەدەبیدا سەرنجی خوێنەر بورژێنیت بۆ ناودەقەکەی ڕابکێشێت، کە ئەمە مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی خوێنەر لە واتایی ڕووکەشەوە بۆ واتایی قووڵ و شاراوە ڕووبچێت، لێرەدا خوێنەر بە هەبوونی پەیوەندی و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان واتاکان دەدۆزێتەوە.

دووەم : پاڵنەر بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی واتاکان یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی خوێنەر بەو پاشخانە ئەدەبییەی کە هەیەتی بە دوای واتاکاندا دەگەڕێت زۆرجار خوێنەر زیاتر لە جارێک دەقەکە دەخوێنێتەوە.

سێیەم :گەڕان بە دوای دۆزینەوەی واتاکان چێژ بەخشە.

چوارەم : خوێنەر کاتێک هاوسەنگییەک لە نێوان دژەکان دەدۆزێتەوە سنووری واتا دژەکان لە یەکتری نزیک دەکاتەوە بەمەش خوێنەر بە پارادۆکسەکە دەگات. (البخار:الفاعوری،٢٠٠٧، ١٥٨).

**(١-٥) توخمەکانی پارادۆکس :**

پارادۆکس بە چەند توخمێکەوە پەیوەستە، هەر یەک لەو توخمانە لە ڕووی فۆرم و جۆرەوە جیاوازن هەر توخمێک گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە توخمەکانی تر جیای دەکاتەوە، بۆیە پارادۆکس ئاراستەییە، چونکە ئەوەی شاعیر دەنووسێت ئاراستەی خوێنەر دەکرێت شاعیر هونەرێک بە کار دێنێت کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات تاکو خوێنەر بە دوای واتا پەنهاکان بگەڕێت.

شاعیر ((پارادۆکسەکە بە سەر خوێنەر دەسەپێندرێت و خوێنەر پەیوەندی بە پەیامی شاعیر دەکات، کە بە ڕەمزو هێما خراونەتە بەر دەستی خوێنەر،ڕەمز و هێماکان، یاخود کۆدەکان سروشتی پارادۆکسەکە لە خۆ دەگرن، چونکە شیکردنەوە پێویستی بە کارامەیی تایبەت هەیە بۆ شکاندنی کۆدەکان شیکردنەوەی دروستی دەوێت، ئەم کارامەییەش بەکلتوور و ئایدولۆژیای شاعیر و خوێنەر پەیوەستە)) (قاسم،١٩٨٢،١٤٤).

- دژواتایی (ازدواج المعنی) زۆربەی لێکۆڵەر و ڕەخنەگرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دژواتا بنەمای هەرە دیاری پارادۆکسە، هەر چەندە لە ناونانی ئەم هونەرە توێژەرێک لەگەڵ توێژەرێکی تر جیاوازە، بەڵام ناوەرۆکەکەی هەمان ناوەڕۆکە ((لە یەک دەربڕیندا دوو ئەزموونی هەیە ئاستی یەکەم ڕواڵەتە ئاستی دووەم ئاستی قووڵییە)) (ابراهیم، د.س، ٢٠١). ئەمەش ئەو واتاییە دەگەێنێت ((ئاستی یەکەم، ئاستی ڕووکەش و ڕواڵەتی قسەکردن و دەربڕینە، ئاستی دووەمی شاراوەیە کە دەر نەبڕاوە خوێنەر دوای هەستکردن بە ناتەبایی پێداگری دەکات و دەیدۆزێتەوە)) (س.پ). دەق تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بگات بە واتایی شاراوەکان کۆدەکان دەشکێنێت. سیزار قاسم بە ناوی (ثنایة الدلالة) ناوی دەبات. بە هەمان شێوە

باس لە واتایی ڕووکەش و ڕواڵەت و مانای شاراوە دەکات.

- دژەیەک (التناقض) یان دژایەتی نێوان دوو ئاستە بە واتایی ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵ دێت. ئەم دوو ئاستە لە چەقێکدا سەقامگیرییەک تێدا بەدیدەکرێت کە ئاماژەیە بۆ ڕێککەوتن. لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت، کە پەیوەندی نێوان مانای یەکەم ڕواڵەت و مانای دووەمی شاراوەدا دژواتابوونی هەیە. واتایی ڕاگەیاندنی شتێک کە مەبەستیەتی پێچەوانەکەی بێت دەتوانین بڵێین ((ئاشکراکردنی ئەو مانایە ڕاستەقینەیە کە نووسەر بەرهەم دەهێنێت هەڵوەشاندنەوەی واتە ڕووکەشەکە نییە، بەڵکو پارادۆکس لە توخم وشە ناکۆکەکاندا دروست دەبێت)) (قاسم، ١٩٨٢، ١٤٤).

- **سەرکەوتنی پارادۆکس لەسەر چەند بنەمایەک دەوەستێت :**

یەکەمیان: پێچ وپەنا یان پێچ وپەخش (مراوغە) :

لێرەدا شاعیر پشت بە زمان دەبەستێت و لێهاتویی شاعیر خۆی دەنوێنێت تا چەند دەتوانێت گەمەی زمانی بە کار بهێنێت. پارادۆکس دوو فاقییە بۆ ئەوەیە تاکو واتایی ڕاستەقینە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدا ((تایبەتترین تایبەتمەندی ئەوەیە کە گەمەی زمانی پەیڕەو بکات کاتێک شتێک دەڵێت لە ڕاستیدا ئامانجی شتێکی ترە)) (ابراهیم، ١٩٨٧، ٢١٤).

دووەم : بێ ئاگایی (المغافلة) :

بێ ئاگایی یەکێکە لەخەسڵەتەکانی پارادۆکس و پەیوەستە بە پارادۆکسی هەڵوێستی دەق لە بارێکی بێ ئاگاییدا لە دایک دەبێت ((هەندێ جار پارادۆکس دەگاتە ئاستی ساویلکەیی یان بێ ئاگایی)) (شبانە، ٢٠٠٢،٥٣).

سێیەم : کلیلی کردنەوە یا کۆت شکاندن

کلیلی کردنەوەی ئەو کۆدانەی،کە نووسەر بە کاری دەهێنێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم دوو فاقییە بکات. خوێنەر هەردەم بۆ کردنەوەی کلیلی دەقەکە بە دوای نزیکییەک دەگەڕێت بۆ ئەوەی ئەم دوو فاقییە لەیەکتر نزیک بکاتەوە.

چوارەم : فرەیی یان نەبوونی کۆدەنگی یان ڕێک نەکەوتن (التعدد و عدم الاجماع)

ئەم توخمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،کە چەندان واتایی جیا جیا هەیە کە ڕاستەوخۆ بیروبۆچوونی خوێنەر بۆ کردنەوەی کۆدەکان نابات، بەڵکو چەندین فرەواتاییی بە وشەکان دەبەخشێت. پارادۆکس ((دید و بۆچوونێکی پانۆڕاماییە، هەر یەک لە فۆرمەکانی بابەتگەراییە، بەڵام بە نیشاندانی چەندان ڕێگە بۆ نزیکبوونەوە لە کۆدەکان نزیکمان دەکاتەوە)) (حمادە،٢٠٠٥، ٧١).

پێنجەم : قوربانیدان (الضحیة)

خوێنەری نوخبە هەیە بە ئاگاداریییەوە توانای شکاندنی کۆدەکانی هەیە، لە هەمان کاتدا خوێنەری واشمان هەیە کە توانای ئەوەی نییە کلیلی کۆدەکان بدۆزێتەوە کۆدەکان بشکێنێت لێرەدا خوێنەر دەخاتە دۆخی قوربانیدا ئەوەی ڕۆڵی هەیە لە بنیادنانی پارادۆکسەکە هەر ئەویش شاعیرخۆیەتی کۆدەکان ئاشکرا دەکات)) (شبانة،٢٠٠٢، ٥٤).

**(٢-١) ڕەنگدانەوەی شیعریەتی پارادۆکس لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەتدا**

١- ڕەنگدانەوەی شیعرییەتی پارادۆکس لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا :

ڕەنگدانەوەی پارادۆکس لای شاعیران لە نەبوونەوە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو تایبەتمەندی خۆی هەیە. پارادۆکس بۆ ئەوەی بنیات بنرێت بە چەند توخمێکەوە پەیوەست دەبێت، هەر یەک لەو توخمانە لە ڕووی فۆڕم و جۆرەوە جیاوازن هەر توخمێک گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە توخمەکانی تر جیای دەکاتەوە، بۆیە پارادۆکس ئاراستەییە، چونکە ئەوەی شاعیر دەنووسێت ئاراستەی خوینەر دەکرێت شاعیر هونەرێک بە کار دێنێت کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات تاکو خوێنەر بە دوای واتا پەنهاکاندا بگەڕێت.

توخمە گشتییەکانی پارادۆکس ئەمانەی خوارەوەن:

نێرەر (المرسل) ⟵ دروستکەری پارادۆکس.

داهاتوو ⟵ وەرگرێکی یاخود خوێنەرێکی لێهاتوو بەتوانا لە پەیامەکەی بەرهەم دەهێنێت

نامەکە ⟵ پێکهاتەی پارادۆکسەکە دووبارە ڕاڤە دەکرێتەوە.

(شبانە،٢٠٠٢، ٥٢).

دروستکەری پارادۆکسەکە یان نێرەرەکە کە پارادۆکسە بنیات دەنێت، پارادۆکسەکە دەخاتە هزری خوێنەرەوە،خوێنەریش دەقەکە هەڵدەوەشێنێتەوە تاکو بە واتا شاراوەکە بگات، بۆ دۆزینەوەی واتا شاراوەکان پێویستە خوێنەر کۆدەکان بشکێنێت. دۆزینەوەی کۆدەکانیش یاخود شکاندنی کۆدەکان پەیوەستە بە پاشخانی ئەدەبی خوێنەر و ڕادەی وشیاری خوێنەر، بۆ ئەوەی کلیلی کردنەوەی دەقەکە یاخود بڵێن پارادۆکسەکە بکاتەوەو میتا پەیوەندی دەق دیاری بکات و پەی بە نهێنییەکانی پارادۆکسەکە ببات.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت :

ئێستا لەناو((سەرچنار))ی ئەم دڵەدا
زەماوەندی شەهید گەرمە
ڕەشبەڵەکە،سێ پێیە شێخانییە
ئەم ئاهەنگە نە حەوت شەوە نە حەوت ڕۆژە
تا ماینی ئازادی بووک نەگاتە جێ
مانگ بۆ زاوام دانابەزێ
ئەم شاییە دوایی نییە (بێکەس، ٢٠٠٦،ب١، ٤١٦)

لەم کۆپلەیەدا دژ واتاییەک لەنێوان وشەی (زەماوەند،شایی، ڕەشبەلک، سێپێیی، بووک و زاوا و شەهید)دا هەیە، بە نیشاندانی کلیلی کردنەوەی واتایی دەقەکە ئەویش وشەی شەهید و نیشتمانە، خوێنەری نوخبە پەیی بە واتا شاراوەکان دەبات.

شاعیر لە شیعری شۆڕشدا دەڵێت :

شاخ وتی شۆڕش ڕووبارە
جارێکی تیژو جارێ خاو
هەندێ جارش بێ بوارە
ڕووبار وتی شۆڕش شاخە
جارێ لووتکە و جارێ گەورە و
هەندێ جاریش بن بنارە ( بێکەس،٢٠٠٦،ب٢،٥٩٣)

شـاعیر بـادانەوەیەکی بەرێگـای دیـالۆکێکی لەنێـوان شـاخ و ڕووبـار خولقانـدووە، ئەوەی ئـێمە مەبەسـتمانە دژواتاییەکـان بـدۆزینەوە یـان بڵـێن پارادۆکسێکە دیار بکەین. شاخ وتی شۆرش ڕووبارە، پاشان ڕووبار دەڵێت شۆرش شاخە لەنێوان دیالۆگەکەدا پارادۆکس بوونە هەیە. شـۆرش نە شـاخە و نە ڕووبـارە، بەڵام شـاعیر پێمـان دەڵێـت شـۆرش وەکـو شـاخ پـتەوە سەربەرزو خوڕاگرە، وەکو ڕووبار تیژەڕۆ و پاک و بێگەردە شاعیر نایەوێت کلیلـی کۆدەکـان بخـاتە بەردەسـتی خـوێنەر، لێرەدا بە شـێوەی گومانـاوی دەمێنێتەوە خـوێنەر بە دوا ڕزگـاری بـوون لەو گومـانە دەگەڕێت بـۆ ئەوەی سەرە داوێک بدۆزێتەوە تاکو کۆدەکان بشکێنێت لە مەبەستی شاعیر نزیک بێتەوە. ((نووسـەر کلیلـی کۆدەکـان بـۆ خـوێنەر دەهێڵـتەوە تـاکو لە گومـان ڕزگاری بێت و بەرەو دۆزینەوەی واتاکە بچێت))(شابە،٢٠٠٢، ٢٣). شاعیر بۆ ئەوەی شـــیعرییەت بەدەقەکە ببەخشـــێت وشـــەی (جـــاریَ، وتی،هەنـــدیَ) دووبـارەیکردۆتەوە، وشـەی(تیژو، خـاو) هاوەڵنـاون لەسـیَ دەنـک پێکهـاتوون هەردوو وشە کۆتاییان بەدەنگی (و) هاتووە.

شەنگە بێری، کار مامزی بەژن عەرعەری
لە دوورەوەڕا، لە سەحرای غەریبیەوە ڕا
هاتبوونە ماریَ ! (بێکەس، ٢٠٠٤، ١١٧)

پارادۆکسـێک لەنێوان وشـەی (کارمـامز، سـەحرا) دا بـوونی هەیە. کلیلـی کـــردنەوەی واتـــایی دەق لە وشـــەی (بەژن عەرعەریـــیە و ســـەحرای غەریبی)دایە، ئاماژە بە کچانی کوێستان دەکات کە لە بیابانی نوگرە سەلمانن ژیان دەکەن.

وا هات عاشقان وا خۆی هات
بە پۆشاکی گەڵاڕێزانەوە وا هات
بە نۆزدەساڵی زەردەوە
بە نۆزدە چرای تاریکی و
بە نۆزدە زامی سەوزەوە (بێکەس، ٢٠١١، ٥)

دژ واتاییییەک لەنێوان نۆزدە سالّی زەرد و نۆزدە زامی سەوزدا هەیە. بەکارهێنانی وشەی زەرد و گەڵارێزان و چرای تاریکی) لەدەقێکدا کۆکراوەتەوە، لە پاشان نۆزدە زامی سەوزی بەکارهێناوەی. خوێنەری توشی سەرسوورمان دەکات. سالّی زەردو، زام و سەوز پەیوەندیان بەیەکەوە چییە؟ لە ڕووی شیعرییەتەو دووبارە بوونەوەی ژمارەی نۆزدە و کاری هات و سەوزو زەرد دژیەکن وڕەگەزدۆزی ناتەواون.

ئەو گوڵەی دابووت لە قژت
نیگامی کرد بە پەپوولە و
بۆ ئاسمانی ((هۆڵ)) دا فڕی
هەتا لەسەری نیشتەوە. (دیوانی شێرکۆ بێکەس،٢٠٢١، ١٦٤)

لەپارادۆکسدا پتر شاعیر پشت بە پێشبڕکێ ژیری دەبەستێت، ئەوەی شاعیر دەڵێت لە واقیعدا جێبەجێ ناکرێت. شاعیر دەڵێت نیگامی کرد بە پەپوولە، (فڕی، نیشتەوە ) دژیەکن. دژیەک یەکێکە لەو هونەرانەی کە شیعرییەت بەدەق دەبەخشێت. لەکۆتا کوپلەدا شاعیر دەقەکە ئاوەژوو دەکاتەوە دەڵێت ئەم زوڵمە لەناو شوشەبەندی شیعرا دائەنێم بۆی، شووشە ناسکە و شیعریش لە ناخێکی ناسک هەڵدەقولێت، زوڵمیش هێزو دەسەڵاتە دوو شتی پێچەوانەی یەکترین.

شاعیر دەڵێت:
دیاری ئەمجارە
کام شت نرخی زۆر گرانە
بۆ خۆشەویستیم هەرزانە
لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم
جەنتای ئامادەی سەفەرم (بێکەس، ٢٠٠٦، ب١، ١٩٦ )

لەم دەقەدا خوێنەر درک بە دژ واتاییەک دەکات. جەنتای سەفەر پێش چوونە سەفەر ئامادە دەکرێت، هەست دەکرێت بیرۆکەکە پێش و پاش کراوە، ئەمەش یەکێکە لەبنەماکانی پارادۆکس. لەڕووی ئاوازەوە کار لە سەر ئاوازەی دەرەوە کراوە. هەروەک (گرانە، هەرزانە، گەڕانەوەم، سەفەرم).

لە شیعری کەژاوەی گریاندا
پیرە مێردێ، بە بازوو لاو
بەرەو ((کاوەتنگ))
گۆڕی خێرایی دا بەهەنگاو (بێکەس، ٢٠٠٦، ب١، ١٥٦ )

شاعیر یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی پارادۆکس دەیەوێت پێمان نیشان بدات، کە لە بنەمادا پێچەوانەی ڕاستییە (پیرەمێرد) دەست و بازووی هەرگیز وەکو لاوێک نابێت. دژیەکێکی لەنێوان پیرو لاو دا دروستکردووە. بیرۆکەکەی پێچەوانەی واقیعەکەیە کاوتنک ناوی نەخۆشخانەیەکە لە ئەلمانیا هەروەها لەشاری میونیخ ناوی گۆرستانێکە. ئەمانە ئاماژەن بۆ لەرزۆکی دەستی پیرەمێرد.هەنگاو خێراییش لەگەڵ بوونی پیرەمێردا پارادۆکسە.

ڕۆژێ لەناو شەوا هەڵکرد!
سەری بۆ زۆردار شۆڕنەکرد
لەکرێوەدا.... نێرگزیان
چاوی نەورۆز..هەڵئەهێنی !
لە مردنا...ژین ئەبێنێ (بێکەس، ٢٠٢١،٥٠)

لەڕووی مەنتقەوە نە ڕۆژ لەشەوا هەڵدەکرێت، نەمردنیش لە ژین دەبینرێت،بەڵام شاعیر پارادۆکسێکی لە هونەری دژیەک بنیات ناوە. کاری لە هونەری ڕیتمی دەرەوە کردووە وەک (هەڵکرد، شۆرنەکرد، هەڵئەهێنی و ئەبینێ) بەکارهێناوە، ئەم هونەرانە کار لەسەر شیعرییەتی دەق دەکات.

لە ئاگری بۆردوومانا...
لە سووتانا...
لە کاتی دروێنەی لەشی
شەهیدانا
گەڵای پایزمان سەوزبوون
کانی وشکمان ژیانەوە (بێکەس، ٢٠٠٦، ب١، ١٦٣ )

لەم کۆپلەیەدا شاعیر دوو بیرۆکەی پێچەوانەی یەک دەخاتە ڕوو، کۆپلەی یەکەم پێچەوانەی کۆپلەی دووەمە. شاعیر

لەدەقەکەیدا بیرۆکەیەک دەخاتە ڕوو پێچەوانەی واقیعە لە پایزدا گەڵا زەرد دەبێت نەک سەوز. شاعیر قەناعەتمان پێ دەهێنێت ئەو بیرۆکەیەی ئەو باس دەکات راستە. بەخوێنی شەهیدان وڵاتمان ئاودراوە هیواو ئاواتی میللەت بەخوێنی شەهیدان دێتە بەرهەم. هەروەها هونەری دژیەکیشی لەوشەی (وشک بوون و ژیانەوە) بنیادناوە .

زیندووی، مردوو !
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە
مێژوو ئەڵێ لە دایک بووین !
دوو هەزار وپێنج سەد ساڵە
زرپ و زیندووین !
بەڵام هێشتا، باویشک ئەدەین (بێکەس، ٢٠٠٦، ب١، ١٦٣)

زیندووی، مردوو ! ناونیشانی دەقێکی شێرکۆ بێکەسە هەر لە ناونیشانی دەقەکەدا هونەری پارادۆکس بەرجەستە دەبێت. ئەم دەقە هەر لە سەرەتا تا کۆتایی دەقە پڕە لە هونەری پارادۆکس لە درێژەی دەقەکەدا شاعیر چەندان وشەی پارادۆکسی بەکارهێناوە وەکو (بووردووین، نەبووردین، سەرکەوتووین، سەرنەکەوتووین.....).

**٢- ڕەنگدانەوەی شیعرییەتی پارادۆکس لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا :**

**لەتیف هەڵمەت وەکو شاعیرێکی نوێخواز لە دەقەکانیدا هونەری پارادۆکسی بەکارهێناوە. هەروەک** شاعیر دەڵێت :

دوو تابلۆی نارِیالیزمی
کچێک لە لای چەپی شەقامێک
لە دەمی کەوتە خوارەوە
خەندەیەک
لە لای چەپی شەقامەکە بوو
بە
باخچەیەک

منیش لەسەر لای ڕاستی
شەقامەکەدا
لە نوکی قەڵەمەکەم
کەوتە خوارەوە
پەیڤێک
لای ڕاستی شەقامەکە
بوو بەدیوانە
شیعرێک. (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠٢٢، ٥٨)

لەم دەقەدا شاعیر لە ناونیشانی شیعرەکەی زۆر بە ڕوونی پارادۆکسەکەی خستۆتە ڕوو، دوو تابلۆی ناڕیالیزمی واتا دوو تابلۆی ناواقیعی لەواقیعدا ئەم وێنەیە بوونی نییە. لەم دەقەدا شاعیر لە نۆرمی ئاسایی لایداوە. لەواقیعدا خەندە لەسەر لێوانە ناکەوێتەوە خوارەوە نابێتە باخ، پەیڤێکیش ناکەوێتە خوارەوە نابێتە شیعر، ئەم بیرۆکەیە تەنیا لەدەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت. لە وشەی (شەقامێک، خەندەیەک، باخچەیەک، پەیڤێک، شیعرێک) یەک ئاوازیان هەیە.

شاعیر لە شیعری ڕەنگی باراندا دەڵێت :
ئەم وت سەهۆڵی ڕێگەی سەرەو ژێرە
ئەڕەوێتەوە بەبەستەی ساوا
نەمزانی دەستی سێبەرێکی دوور
هەڵئەگژێتە تاڤگەی هەتاوا
ئەموت تاریکی ئەو شەو ڕووناکە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩ )

لەم دەقەدا شاعیر پارادۆکسێکی بنیادناوە دەڵێت ئەموت تاریکی ئەوشەو ڕووناکە بیرۆکەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە، دوو بیرۆکەی دژ بەیەک، لە یەکەم بیرۆکەی خاوەن ئومێدە، لەپاشاندا ئومێدی نامینێت شەوە ڕۆناکەکەی لێ تاریک دەکرێت. تیمەی دەقەکە خۆی لە دۆخێکی سیاسی دەدات، بۆیە شاعیر پەنا بۆ هێما بردووە لە ڕووی شیعرییەتەوە (ساوا و هەتاوا) لەسەر یەک سەروان. وشەی (سەرە و ژێرە) هاوسەرواو هاودژی یەکترین.

شاعیر دەڵێت :

ئەشێلم دڕکی هەزاران ئازار
چزوی بزماری هەزاران دیوار
ئەنوسم لەسەر ئاسمانی دێ وشار
لە سەردەواری دڕاوی هەژاران
لە سەر چەپۆکی ناقۆڵایی زۆردار
پەیمانم داوە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١ )

لەم کۆپلەیەدا وێنەی یەکەم پێچەوانەی وێنەی دووەمە. وێنەی یەکەم پارادۆکسێکی هزری سیاسییە دوو چین بوونی هەیە، چینی زۆردار و چینی هەژار. لەوێنەی یەکەم بەگرِ و تینەوە ڕووبەرووی دەسەڵات و ئازار و ناخۆشیەکان دەبێتەوە، لەپاشان شاعیر نەرمی و هێمنی دەنوێنێت. وێنەکان لەواقیعدا دوورە، بەڵام لەدەقی شیعردا هەموو وێنەکان جێگایان بویتەوە، شاعیر پێمان دەڵێت پەیمانم داوە خەبات بکەم و نەوەستم. دیسانەوە شاعیر وشەی هەزارانی دووبارەکردۆتەوە، دەنگی (ز -ر) دووبارەکردۆتەوە، لەڕووی ڕیتمی دەرەوەدا وشەی (ئازار، دیوار، وشیار، زۆردار)ی بەکارهێناوە.

نەمن مردووم
نەکوردستان گۆڕستانە
من هەر زیندووم
تاسەر زیندووم (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٧ )

(تاسەر زیندووم) پارادۆکسێکە هیچ مرۆڤێک تاسەر بەزیندوویی نامێنێتەوە. مردن و زیندوو دژواتاییی یەکترین. ئامانجی شاعیر ئەوەیە کورد زیندووە بەرگری لە کوردستان دەکات تا لەژیان مابێت. لەژیاندا مرۆڤ جارێک دەمرێت، زۆر کات لە ژیاندا وەکو مردوو وایە، لێرەدا شاعیر نەری ئەو ژیانە دەکاتەوە کە داگیرکەر کوردستانییان بکاتە گۆرستان. کوردستان شوێنی ژیانە، گۆرستانیش شوێنی مردووانە. تەمومژیەکی لەدەقەی بنیاتناوە لەنێوان وشەی (مردووم، زیندووم). کاتێک شاعیردەڵێت :

هاوار ئەکەم نە من مردووم
نە کوردستان گۆڕستانە
من هەر زیندووم
وەکو ژیان
ناونیشانم کوردستانە
کوردستانە کوردستان.                    (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٠ )

شاعیر بە بەکارهێنانی ئامرازی نەری (نە) لێلییەکی بنیاتناوە لە نێوان نە من مردووم، من هەر زیندووم. نەمری بۆ مرۆڤ نەهاتووە ئەوەی لەدایک ببێت دەمرێت ئەمە واقیعی ژیانە، بەڵام لەم دەقەدا شاعیر دەیەوێت وێنەیێکی ئاڵوزی خۆشەویستی نیشتمانمان نیشان بدات. بە دووبارە کردنەوەی دەنگی (س) و (ن) مۆسیقای شیعری بنیاتناوە. درێژ دادڕی لە دەقە دەبینرێت هاوەر دەکەم من نەمردووم نەکوردستان گۆڕستانە. تیمەی سەرەکی دەقەکە ئەوەیە بڵێت ناونیشانم کوردستانە.

لە شیعری لەباولێکی ون بوودا شاعیر دەڵێت :
ئاخۆ کەی کلیلی دەرگاکەم بەدی ئەکەم
تاکو ئەو چرایە بدۆزمەوە
کە هەزاران ساڵ پێش ژیانی خۆم
لە ناو تەنووری گێژلۆکەی
تاریکایی قوڵاییە سواوەکان ونم کرد
وەک تارمایی لەرەی پیتێک
نە ئادەم ونی کرد
هەردووکمان ونمان کرد
ئەوانە ونیان کرد کە هێشتا شەپۆلیان نییە...!       (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٢ )

لەم کۆپلەیەدا شاعیر وێنەیەکی پارادۆکسی بنیات ناوە کە دەڵێت بدۆزمەوە کە هەزاران ساڵ پێش ژیانی خۆم........ تاریکایی قوڵاییە سواوەکانم ون کرد. یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی پارادۆکس کە لەمەو پێش ئاماژەمان پێکرد، ئەوەیە هەوڵدەدات بۆچونێک بسەلمێنێت. شاعیر کاتێک

دەڵێت هەزاران ساڵ پێش ژیانی خۆم ونم کرد، ئەگەر لەڕووی لۆژیکەوە دروست بێت، بەڵام لە واقیعدا هەزاران ساڵ پێش ژیانی خۆی چۆن ونی کردووە. لێرەدا ڕۆڵی خوێنەر لەشیکردنەوەی دەقەکە ڕۆڵ دەبینێت کە مەبەستی شاعیر چییە ؟ ئەو نەهێنیەی لە ناخێتی چۆن کەشف بکات.(چرا، تاریکی، دۆزینەوە و ونکردن) ئەمانە هەمووی دالێکە پێویستە خوێنەر مەدلولەکانی بدۆزێتەوە.

شاعیر دەڵێت :

بۆ تەنینی ڕێگای مناڵە وێڵەکانی بیابانە قولایی بێ کۆتاییەکان
کە ئەگرین وپیئەکەنن
بەڵام بێ دەم کردنەوە دێن و دەڕۆن
بەڵام بێ هەنگاونان
کۆشی چنگیان پڕە لەزێڕێکی سەوز (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٥ )

شاعیر پارادۆکسی بنیاد ناوە هەردووکیان لەیەک سەرچاوەی وەرگرتووە وەک گریان و پێکەنین هەردووکیان یەک سەرچاوەن بۆ هەڵچوونی دەروونی بەکاردێن، ئینجا هەڵچوونەکە خۆشی یان ناخۆشی بێت،پاشان شاعیر دەڵێت بێ دەمکردنەوە دێن ودەڕۆن بەهەمان شێوە یەک سەرچاوەن،بەڵام هات وچوون پێویستی بەدەمکردنەوە نییە، ئەوەی دەمی بۆ دەکرێتەوە ڕەنگە پێکەنین وگریانەکە بێت. کۆشی چنگیان پڕە لە زێڕێکی سەوز. لەواقیعدا زێر زەردە نەک سەوز. شاعیر دەقەکەی لەڕیتمی ناوەوە بێبەش نەکردوە لەبەکارهێنانی دەنگی (ێ) لە وشەی تەنێ، بێ دەمکردنەوە، بێ هەنگاونان).

**ئەنجام :**

لە کۆتایی باسەکەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە :

١- هونەری پارادۆکس لە هونەری (دژیەک، پێچەوانە و ئایرۆنی) جیاوازە، بەڵام زۆرجار ئەم هونەرانە دەبێتە ڕێگا خۆشکەرێک بۆئەوەی پارادۆکس دروست ببێت.

٢- لەپارادۆکسدا دوو ئاست هەیە، ئاستی ڕووکەشی و ئاستی شاراوە. ئاستی شاراوە پەیوەستە بەخوێنەر، لەبەرئەوەی هاودژەکان لەکاتی دەربڕیندا دەردەکەون، خوێنەری وشیار هاوئاهەنگی لەنێوان دژەکان دەدۆزێتەوە، لەڕێگای شکاندی کۆدەکان پەی بەنهێنییەکانی شاعیر دەبات

٣- بەپێ ئەو نموونە شیعریانەیی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا خستیتمانە ڕوو هەر دوو شاعیر لە دەقە پارادۆکسەکانی هەموو چاڵە ڕێزمانییەکانییان وەک (هاوەڵناو، چاوگ، ناو،کار، هاوەڵکار...) بەکارهێناوە.

٤- لە هونەری پارادۆکسدا شاعیر دەیەوێت شتێک پێچەوانەیی هزری کۆمەڵگا جەختی لەسەربکاتەوە، چونکە پارادۆکس لەئاستی لوژیک دروستە، بەڵام لە ژیانی واقیعی ئەستەمە پەیڕەو بکرێت.

٥- هونەری پارادۆکس، پێویستی بەخوێنەری بە برشتە، ڕۆڵی خوێنەر لە بنیاتنانی پارادۆکس و بنیادی واتای دەق هیچی لە ڕۆڵی شاعیر کەمتر نییە.

٦- هەردوو شاعیر بە ئاشکرا مەبەستە شیعرییەکانییان ناخەنە ڕوو، پەنایان بۆ هێماو تەمومژی بردووە لە دەقەکانییاندا پەیڕەویان کردووە.

## سەرچاوەکان :

قورئانی پیرۆز

**سەرچاوە کوردییەکان :**


- ئەبدورەحمان، حسێن ئوسمان (٢٠٠٨). رۆڵی (پارادۆکس)ێ دپێکهاتا وێنێ هۆزانێدا (کرمانجیا سەری)، دهۆک.
- بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦). دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم (١٩٦٨ -١٩٨٠)، کوردستان.
- بێکەس، شێرکۆ (٢٠١١). ئێستا کچێک نیشتمانمە، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆچاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی – بێکەس، شێرکۆ (٢٠٢١).شیعری هاوچەرخی کوردی، وەشانخانەی مادیار، سنە.
- خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٠). شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
- دزەیی،عەبدوالواحید مشیر (٢٠٠٩). واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیماتیکی وپراگماتکییە) چاپی یەکەم، هەولێر
- سابیر، پەرێز (٢٠٠٦). رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٠٣). جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ بەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، عبد السلام (٢٠٠٧). شیکردنەوەی دەقی شیعری لەرووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، زانکوی سەلاحەددین، کولێژی زمان، هەولێر.
- قەرەنی، ئەحمەد (٢٠١٢). رەخنەی ئایرۆنی لەشیعری نوێی کوردیدا ١٩٢٥-١٩٧٠، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- هەڵمەت،لەتیف (٢٠١٤). دیوان سەرجەم شیعرەکانی، چاپخانەی تاران.
- هەڵمەت،لەتیف (٢٠٢٢).یەک خودا و هەزار ویەک رێگا بۆ بەر دەرگایماڵی یار، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.


**سەرچاوە عەرەبییەکان :**


- ابراهيم، نبيله (١٩٨٧). المفارقة ، مجلة فصول :ع (٣-٤) ، الهيئة المصرية لكتاب ، مصر.
- ابراهيم، نبيله (د.س). فن القصص فى النظرية والتطبيق ، مكتبة غريب.

- جاب اللة، اسامة عبدالعزيز (٢٠٠٨). جماليات المفارقة النصية قراءة بدائية فى ديوان مجروح قوى لمحمد صبحى،.د.م
- حمادة،حسن (٢٠٠٥). المفارقة فى النص الروائى، مصر.
- الرواشدة، سامح (١٩٩٩). فضاءات الشعرية، المركز القومى، الاردن.
- سلمان، خالد (١٩٩٩). المفارقة الادبية، دار الشروق للنشر التوزيع، الاردن.
- سلوم، على (٢٠٠٤). بلاغة للعرب، دار المواسوم، بيروت، ط (٢).
- سعدية، نعيمة (٢٠٠٩).الاسلوبية والنص الشعرى، المرجعت الفكرية والاليات الاجرائية ، دار الكليمة للنشر والتوزيع، الجزائير، ط (١).
- شبانة، ناصر (٢٠٠٢). المفارقة فى الشعر العربى الحديث، امل دنقل، سعدى يوسف، محمود درويش نموذجا، بيروت
- شوقى، سعيد (٢٠٠١).بناء مفارقةفى الدراما الشعرية، ط (١)، مصر.
- عنيم، كمال احمد (١٩٩٨). عناصر الابدان الفنى فى الشعر احمد المطر، مكتبة مدبولى، قاهرة.
-عياد، شكرى (١٩٨٨). اللغة الابداع، مبادى علم الاسلوب العربي، (د. م)
-كۆهين، جان (١٩٨٦). بنية اللغة الشعرية، ت.محمد الوالى العمرى،ط (١)، دار البيضاء، المغرب.

**سەرچاوەی فارسی :**

- ديانتى، محمد (١٣٨١). يک تپش درنگ صور خيال و تعابير متناقض " نما چ (١)" تهران.
- ويلفرد گرين :ديگران (١٣٨٣). مبادى نقد ادبى، ترجمه. فرزانه طاهرى،چاپ سوم، انتشارات نيلوفر،تهران.

**گۆڤارەکان :**

- محەمەد، شاخەوان فەرهاد: شوان،ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٢٣). ئیستاتیکای لادانی واتاییی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا، (گ)ئەکادیمیای کوردی، ژ.(٥٤)، هەولێر.

**دوريات :**

- ابراهيم، نبيله (١٩٨٧). المفارقة، مجلة فصول :ع (٣-٤) ، الهيئة المصرية لكتاب ، مصر.

- قاسم، سيزا (١٩٨٤). المفارقة فى القصص العربى المعاصر، مجلة فصول، مج (٢)، عدد(٢)، الهئية المصرية العامة للكتاب، مصر.
- ميول، دى سى (١٩٩٣). موسوعة المصطلح النقدى، ترجمة عبدالواحد لؤلؤة، مجلد (٤)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان.
- النجار، مصلح عبدالفتاح : الفاعورى، عونى صبحى (٢٠٠٧). المفارقة فى شعر عراز، دراسات العلوم الانسانيية والاجتماعية،مج (٣٤)، عدد(١)، جامعة الاردنية

**قاموس و معجمات :**

- البعلبيك، منير(١٩٩٩). المورد القريب، قاموس جيب، دار العلم للملايين.
- الفراهيدى، الخليل بن احمد (٢٠٠٣). كتاب العين، تحقيق :عبد الحميد هنداوى، دارالكتب العلمية، لبنان.
- المعجم الوسيط، المكتبة الاسلامية (تركيا)،ج (١)، مادة الفرق.
- وهبه، مجدى (١٩٧٤)، معجم مصطلحات الادب، مكتبة لبنان.
- وهبة،مجدى : المهندس كامل (١٩٨٤). معجم المصطلحات فى اللغة والادب، دار الكتب العلمية، بيروت.

**الملخص**

هذة الدراسة تحت عنوان (الشعرية البارادوكسة في اشعار شيركو بيكس ولطيف هلمت) نموذجا، حاولنا ان نظهر الشعرية الباروكسية عندهما.

ان مفهوم الشعرية و الباردوكسية فى الخطاب النقدى فى الادب المعاصر لهما مكانة خاصة.وبحسب راي بعض النقادين والعارفين بانقد الادبى ان الشعرية لها علامة بمدى مهارة استعمال اللغة فى الشعر، ان اللغة الشعرية هى احدى المفاهيم التى تتعلق بالرموز و الاشارات الخفية فى النص الشعري. احيانا قد يترك الشاعر اللغة العامية و يختار انفسة لغة و سليقةخاصة لا يفهما العامة.

ان خصوصية الذاتية للشاعر و اسلوبة تظهران فى نصوص اشعارة. اذا تظهر اهمية النص الشعرى عندما يستطيع الشاعر ان يظهر فكرة وقوتة البلاغية فى اشعارة والى اى حد يجلب القارى وراء اشعارة ولا يحضى ان دورالقاريئ لاتقل اهمية عن دور الشاعير فالقارئ الذكى لة دورة فى بنيان النص الادبى الحسي.

حاولت فى هذة الدراسة ان نظهر البارادوكسية والشعرية عند الشاعرين فاخترت فى هذة الدراسة المنهج التحليلى والتاريخى وخاصة اعتمدت على المنهج التحليلى لابين مدى استعمال الشاعرين الباردوكسية فى اشعارهما، بحيث ان هذة الشاعرين عاشا فى زمن واحد وثقافة واحدة و دين واحد و لغة واحدة.

**الكلمات الدالة:** الشعرية، البارادوكس، شيركو بيكس، لطيف هلمت، التناقض.

## Abstract

The current study entitled (Paradox poetry of Sherko Bekas poetries and Latif Halmat as a model), it presents paradox poetics in their poetries. The concept of poetics and paradoxes has a special place in critical discourse of modern literature. According to some critic's opinion and those who are familiar with literary criticism, poetics is related to the skilful use of language in poetry. Poetic language is one of the concepts related to symbols and hidden references in the poetic text. Sometimes the poet may leave the colloquial language. However, he chooses for himself a special language and manner that the common people do not understand. The poet's personal identity and style appear in the texts of his poems. The importance of the poetic text appears when the poet is able to indicate his thought and rhetorical power in poetry and to what extent he brings the reader behind poetry. The role of the reader is not less important than the role of the poet, as the intelligence of the reader has his role in constructing the sensual literary text.

In this study, the current researcher tried to demonstrate the poetics of two poets, so she chose the analytical and historical approach in the study. Particularly, the present researcher relied on the analytical approach to indicate the extent to which of the two poets used paradoxes in their poetry, as two poets lived in one time, culture, religion, and language.


**Key words:** poetic, paradox, Sherko Bekas, Latif Halmat, contradiction